# تیپی شانۆگەری بێسنوور لە هۆڵەندە
# نمایشی شانۆیی (شێوە ئاوێنە) دەکات

سەردار فەتاح ئەمین
ئەمستردام

شانۆی بێسنور، دەزگایەکی نمایشی شانۆیی فرەکلتوری خۆبەخشە ساڵی 1994 لە هۆڵەندە دامەزراوە. ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی 2011-04-02 کاژێر 20:30 ئێوارە لە شاری ئارنێم لە هۆڵی (Huis van Puck) و ڕۆژی هەینیی ڕێکەوتی 2011-04-15 کاژێر 20:15 ئێوارە لە شاری ئەپڵدۆرن لە هۆڵی (Podium Gigant). شانۆگەری (شێوە ئاوێنە) پێشکەش دەکات، بۆ ئەم مەبەستە پەیوەنیمان بە هونەرمەند باکۆ سۆرانیەوە کرد، بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم شانۆگەریە بزانین، بەڕێزیان بەم جۆرە بۆمان دووان.



پ : مەبەستتان لە پێشکەش کردنی شانۆگەری (شێوە ئاوێنە)، چیە..؟دەتوانن بە کورتی لە ناوەڕۆکی ئەم شانۆگەریە بۆ خوێنەران بدوێن..؟



باکۆ سۆرانی: گیانبازیەکی نەمر بۆ سادەیی و پاکی ڕۆحی مرۆڤ..... ئەم شانۆگەریە باس لە چارەنوسی مافی تاک دەکات لە کۆمەڵگادا، شازادە شیرین لە مەملەکەتەکەیدا بۆ بەختیاری ژیان و خۆشگوزەرانی خەڵک دەگاتە دەستەڵات، بۆ ئەوی مافی زەوتکراوی گەل بەدەست بهێنێتەوە، بەڵام وەزیری بەرگری مافی خەڵک زەوت دەکات و دەیەوێت، خەونەکانی هاوڵاتیان سانسۆر بکات.. خەندەکانی مرۆڤ هەڵوەرێنێت، لە کاتێکدا ئەو بێ ئاگایە لەوەی، کە دەنگی گەل لە مێژە بە دووی دۆزینەوەی خەونی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی و هاوسانیدا وێڵە.

پ: ناوەڕۆکی ئەم شانۆگەریە بۆ خزمەت بە چ کۆمەڵگایەک دەکات کات و شوێن لێرەدا چۆنە..؟

باکۆ سۆرانی: شانۆنامەی (شێوە ئاوێنە) کات لە چیرۆکی ئەم شانۆگەریەدا دیاری نەکراوە و ڕەنگە لە هەموو شوێنێک و لە هەموو کات و ساتێکدا ڕوو بدات.. لە بەغداد، شەنگەهای، دارلبەیزا و ئەمستردام. واقیع و فەنتازیای لە یەک پێوانەدا لە خۆ گرتووە، بەرەو یەکدی وەستاون. چیرۆکی ئەم شانۆگەریە، گەڕانێکە بە دوای خەونی ڕاستەقینەی مرۆڤدا، کە دوور بێت لە دەستەڵات، باس لە ئازادی هەموو تاکێک دەکات.

پ: دەقی ئەم شانۆگەریە لە کوێی دەقە خۆماڵی و جیهانیەکاندایە..؟

باکۆ سۆرانی:

بەندە (باکۆ سۆرانی) دەقی ئەم شانۆگەرییەی ئامادەکردووە و دەریهێناوە و شانۆگەریەکە تێهەڵکێشێکە لە کەلتوری کوردی بە کەلتوری ڕۆژئاوا، تیپی شانۆی بێسنور دەزگایەکی نمایشی شانۆیی فرەکلتوری خۆبەخشە لە ساڵی 1994 وە لە هۆڵەندە دامەزراوە و هەوڵ دەدات، پردێک دروست بکات لە نێوان کەلتورە جیاوزەکاندا، تیپەکەمان بەشداری دەکات لە بەرهەمهێنان و جێبەجێ کردنی کاری هونەری شانۆ لە هەموو بوارەکاندا.

پ : کێن ئەکتەرەکان و هونەریەکانی شانۆگەری (شێوە ئاوێنە)..دەمانەوێ بە کورتی پێمانی بناسێنی..؟



باکۆ سۆرانی:
ئەکتەرەکانی لەم نمایشەدا ڕۆڵ دەبینن و کارە هونەریەکانی ئەنجام دەدەن. دیسان تێکهەڵکێشێکی جیاوازی نەتەوەکانە لە هۆڵەندە، کە بریتین لە: فەیصەڵ صەبری، ستیڤان هیدما، کوڤان ڕۆمسدوک، لیا ڤیسە، هینک پێن، یاپ لیونارد، هینیکە ڤۆنیک، ناتی هەرمسە، هاوژین بەختیار،ئیفیا ڤان دێر سخۆت، سامان ژین لیندا یاکوبسن، زاگروس جەبار، ئەسرین ڕەحیمي، نەسرین خۆشکەلام، کاترین مۆس، پەروین پەناهیدە و ئاناکاترین کلۆمب، نوسینی دەق و دەرهێنان باکۆ سۆرانی، بەرێوەبەری هونەری فیۆنا سۆرانی، هونەرمەندی مۆسیقا: مۆسیقا: حەمە بەکر، حیکایەتخوان: ئەدوین دهان، تەکنیکار: ڤاوتەر ڤان ئیچ، ساماڵ گۆران، دیکۆر: ئاناکاترین کلۆمب، هینک یونکەر، جلوبەرگ: لیا ڤیسە، Caz Egelie, Netty Harmse پەیوەندیە گشتیەکان: فیۆنا سۆرانی، ڕاف نیوبور.

پ: ئەم هونەرمەندانە چۆن توانیوتانە لەم تێکهەکێشیەدا کار بکەن..؟
باکۆ سۆرانی:
ئەکتەرانی خۆبەخشی تایبەتمەند و ئارەزوو مەند، لەم تیپەدا یەک یارمەتی ئەوی دیکە دەدا، بۆ بەردەوامی کارەکانمان و سەرکەوتنی یەکدی لە پێناوی ئامانجی هاوبەشدا، کە کارە هونەریەکانمانە.

ئێمە هەموو کەسانی خۆبەخشین و چی لە تواناماندا بێت، لە کەلتوری هەمە ڕەنگی گەلانەوە بەرهەمی دێنین و نمایشی دەکەین، بەشێکی زۆرمان تایبەتمەندین لە بواری دنیای شانۆدا و هەندێک ئارەزوو مەند و وەک پەناهەندە هاتووینەتە هۆڵەندە، جارێکی تر ژیانی خۆمان دروستکردۆتەوە، بە شێوازێکی نوێ و دەمانەوێ بەهرە و توانای خۆمان لەگەڵ ئەکتەرانی دیکەی نەتەوە جوداکاندا بۆ ئامانجێکی پیرۆز و خۆشی جەماوەری شانۆ و بینەرانی پێشکەش بکەینەوە.

پ: دەتەوێ چی تر دەربارەی تیپی شانۆی بێسنور بە خوێنەران بڵێی...؟

باکۆ سۆرانی:

بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم شانۆی بێسنور، وەک دەزگایەکی باوەڕپێکراو لە ئاستی ناوخۆ(شاری ئەپڵدۆرن) و سەرتاسەری هۆڵەندە ناسراوە و لە ساڵی 2000 خەڵاتی ڕابۆ بانکی Amateurdag مان بردەوە و لە ساڵی 2001 دا بۆ دوو خەڵاتی دیکەی سەرتاسەری نیشتمانیی پاڵێوراین بە ناوەکانی: ( de bemoei-je d'r-mee prijs' en Het Nationale) کە لە لە 725 پرۆژە تەنها 20 یان پاڵێورابوون بۆ ئەم خەڵاتانە شانۆی بێسنور یەک لەو 20 پرۆژەیە بوو. بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن بڕوانە ئەم لینکەی ماڵپەڕەکەمان:

www.theaterzondergrens.nl

بۆ کۆمەک و یارمەتی تیپەکەشمان بەهۆی ئەم کۆنتۆبانکیەوە:

op giro 8326775 t.n.v. Stichting Theater Zonder Grens.

پ: دوا ووتەی شانۆی بێسنور:

ووشەکانی ئێمە بێ کۆتاییە، بەلام ڕێگەم بدە بڵێم: بۆ دەوڵەمەندکردنی ئاستی ڕۆشنبیری و بەرزکردنەوە و فراوانکردنی هۆشیاری و دیدی بینەر، ئەویش بە دانان بەرهەمهێنان و تێهەکێشکردن لە نێوان دەقی خۆماڵی و بێگانەدا، دەتوانین پەیامەکەمان بگەیەنین و ماوەتە سوپاسی زۆرم بۆ: میشێل دکۆرت، ماریەلا هیدما، دەزگای Roc Aventus لە ئەپڵدۆرن، بانکی ڕابۆ لە ئەپڵدۆرن و دەستگرتن و لە پشت وەستانی لێبڕاوانەی یانەی کوردی "میدیا" لە ئەمستردام، لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە تا ئەمڕۆ بە تایبەتی ئاراس کەمال، سەردار فەتاح ئەمین و بەختیار بەکر.